## خەندە سەدرەدین گۆڵگاری خولی فوتساڵی عێراق:

# گۆڵکاری خولی عێراقی بۆ من گەورەترین شانازییە



دیمانە: کارزان کانەبی

**خەندە یەکێکە لەو کچە یاریزانانەی کە لە پاڵەوانێتی فوتساڵی یانە نایابەکانی عێراق توانی ئاستێکی یەکجار بەرز پێشکەش بکات لە خولەکە و بە تۆمارکردنی ١٦گۆڵیش بووە گۆڵکاری خولەکە. ئەمساڵیش دەیەوێت لە خولی کوردستانیش ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات. خەندە بە هۆی ئەو ئاستە بەرزەی، بۆتە جێگەی سەرنجی دەستەی راهێنەرانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراقی و بە ئومێدی ئەوەن بتوانن پەرە بەتواناکانی بدەن و ببێتە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی عێراقی. خەندە لە ساڵی ١٩٩٥ لە شاری هەولێر لە دایکبووە و ئێستاش یاریزانی یانەی ئافرەتانی هەولێرە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد کە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

***چۆن هاتیتە نێو جیهانی وەرزشی؟**

- من وەکو هەموو یاریزانێکی تر خولیای زۆرم بۆ یاری تۆپی پێی هەبوو. بۆیە بەردەوام ئەم یارییەم دەکرد و قوتابخانەش قۆناغێکی باش بوو بۆ ئەوەی خۆم لە وەرزش زیاتر نزیك بکەمەوە.

***لە نێو ئەم هەموو یارییە بۆچی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

-ئەوەم دەزانی کە دەتوانم لە یاری تۆپی پێی بەهرەی خۆمی لێ بدۆزمەوە، خۆشبەختانەش توانیم لەم یارییە تا رادەیەکی باش سەرکەوتوو بم و ببمە یاریزانی یانەیەکی باش کە پاڵەوانیی عێراقە.

*** بە شێوەیەکی گشتی کە یاریت لە خولی فوتساڵ کردووە، ئاستەکەی بە چ شێوەیەك دەبینی؟**

- ئاستی ئەم یارییە تا رادەیەك باشە و یانەکانیش بە پێی پێویست گرنگیان پێداوە، هەندێك لە یانەکانیش ئاستیان زۆر لە یەکتری نزیکە ئەوەش دەبێتە هۆکارێکی باش کە لە داهاتوو گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت، بەڵام دەتوانم بڵێم لە پێشووتر باشتر بووە.

***لە خولی عێراق ئێوە بوونە پاڵەوان، ئاستی ئەم خولە لەسەر عێراق چۆن بوو؟**

- خولی عێراق ئاستێکی بەرزی هەبوو، یانەی ئافرەتانی هەولێریش کە بەشداریمان لە خولەکە کرد بۆ بەدەستهێنانی ئەنجام و نازناو چووین، یانەی ئیسکانیش ئاستی وەکو ئێمە بوو، خۆشبەختانەش توانیمان ئەم نازناوە بە ئاڵای کوردستانەوە بهێنینەوە پایتەختی کوردستان.

*** بە تۆمارکردنی ١٦گۆڵ بوویتە گۆڵکاری خولی عێراق، هەستت چی بوو ئەوکاتە؟**

-بۆ من کاتێکی یەکجار خۆش بوو کە لە نێوان ئەم هەموو یاریزانەی یانەکان من وەکو کچە کوردێك توانیم دوو نازناو بەدەست بهێنم، یەکەمیان بووینە پاڵەوانی عێراق دووەمیش بوومە گۆڵکاری خولەکە، ئەوە بۆمن گەورەترین شانازییە.

*** ئایا لە هەڵبژاردەی عێراق داوا کراوی؟**

- بەڵێ مەشقیشم لەگەڵ هەڵبژاردە کردووە، بەهیوای ئەوەم بتوانم لەگەڵ ئەوانیش بە ئاست و بە ئەنجام خزمەت بەم یارییە بکەم وەکو کچە کوردێك.

*** زۆر کات کچان گرفتیان لە وەرزشکردن بۆ دروست دەبێت تۆ تاکو ئێستا ئەم گرفتەت بۆ دروست بووە؟**

- نەخێر، هیچ کات گرفتی لەم شێوەیەم بۆ دروست نەبووە، بگرە ماڵەوە زۆر هاوکارمن ئەوان هۆکار بوون بۆ ئاستبەرزیی من لە یاری فوتساڵ.

*** خوێندن نەبۆتە کۆسپ لەبەردەم ورەزش کردنت؟**

- من وەکو یاریزانێك کە هاتمە نێو وەرزش رێگەم نەداوە هیچ کاریگەری لەسەر خوێندنم هەبێت و بەپێی پلانەکانم هەردووکیان ئەنجام دەدەم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی و یانەیەك زۆر سەرسامیت؟**

- بە کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی کە زۆر کات حەز دەکەم لاسایی ئەو بکەمەوە لە نێو یاریگە، هاندەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیشم.

*** وەکو کچە یاریزانێك هیوا و ئاواتت لە وەرزش چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانم پەرەی زیاتر بە ئاستی خۆم بدەم و لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی کوردستان بەشداری بکەم، ناوی کوردستانیش بەرز بکەینەوە.

*** حەز دەکەی هەڵبژاردەی کوردستانیش دابمەزرێ و یەکێك بێت لە یاریزانەکانی ئەو هەڵبژاردەیە؟**

- ئەوە نەك هیوای من، بەڵکو هیوای هەموو کچە یاریزانێکە، ئێمەش هیوا بۆ ئەوە دەخوازین و یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەمان بکەین و ناوی بەرز بکەینەوە.

***ئایا راگەیاندنەکان وەکو پێویست گرنگییان بە وەرزش داوە؟**

- تا رادەیەك گرنگییان پێداوە بەهیوای ئەوەشم زیاتر گرنگی بە توانای کچە یاریزانانی کورد بدەن و هانیان بدەن بۆ هێنانیان بۆ ناو وەرزش.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت؟**

-سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە هەمیشە گرنگییان بە بەهرەکانی کچە یاریزانانی سەرجەم شارەکانی کوردستان داوە، بەهیوای ئەوەشم زیاتر خزمەتی وەرزش بکرێت و گرنگیی زیاتر بە یاریی فوتساڵ بدرێت.



# خانمە پیرەکە دەستبەرداری کارلۆس تیڤێز نابێت

یانەی یۆڤانتۆسی ئیتالی پاڵەوانی وەرزی ئەمساڵی خولی کالچیۆ کەبۆچوارەم جارە لەسەریەك نازناوەکە بەدەست دێنێت دووپاتیکردەوە یاریزانی ئەرژەنتینی یانەکەی کارۆلس تیڤێز بۆ فرۆشتن نیە.


دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاوبویەوە تیڤێز بەمنزیکانە دەست بەرداری یانەی یۆڤانتۆس دەبێت و دەچێتەوە خولی ئەرژەنتین هەرچەندە تیڤێز تا وەرزی داهاتوو بەپیی گرێبەستێك پەیوەندی بەیۆڤانتۆسەوە هەیە، لەمبارەیەوە جیۆسیبی مارۆتا بەرێوەبەری گشتی یانەی یۆڤانتۆس لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند ئێمە باش دەزانین کە تیڤێز لەژیانی کاروانی وەرزشی زۆر گواستنەوەی ئەنجام داوە و خۆشەویستیەکی زۆری بۆ وڵاتەکەی هەیە، بەڵام هیچ بوارێك نیە بۆ بەکۆتا هاتنی بۆندەکەی کە لە ٢٠١٦ بەکۆتا دێت. پێویستە بوترێت کارۆلس تیڤێز ماوەی دوو ساڵە لەگەڵ یانەی یۆڤانتۆس بەردەوامە و لەم وەرزەدا بە تۆمارکردنی ٢٠ گۆڵ تا ئێستا گۆلکاری وەرزی ئەمساڵی کالچیۆی ئیتالیایە و توانی پێشرەوی یانەکە بکات لەبەدەست هێنانی نازناوی وەرزی ئەمساڵ کە بۆ چوارەم جارە لەسەر یەك و لەپیشتریشدا یاری بۆ یانەکانی مانچستەر یونایتد و مانچستەر ستی و ویستهام یونایتد کردووە.



# دڵە گەورەکەی لیڤەرپول ماڵئاوایی لەهاندەرانی دەکات

کاپتنی یانەی لیڤەرپۆلی ئینگلیزی ستیڤان جیرارد لە کۆتایی ئەو وەرزەی پریمەر لیگ دا ماڵئاوایی لە هاندەرانی یانەکەی دەکات، جیرارد لەو بارەیەوە دەڵێت؛ من ماوەی ساڵانێکی زۆر بە دریسی یانەی لیڤەرپۆلەوە یاریم کردووە، بۆیە ماڵئاوایی کردن لە هاندەرانمان کارێکی زۆر ئەستەمە.

جیرارد ئەوەشی خستووەتە روو بە نیازە بۆ یاریکردن روو لە خولی ئەمریکا بکات و بۆ ماوەی یەك وەرز دەچێتە ریزی یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی، شایانی باسە دوا یاری جیرارد بە دریسی یانەی لیڤەرپۆل لە بەرامبەر یانەی کریستال پالاسەوە دەبێت.



# یانەی ئەرسنال بۆندی کاپتنەکەی درێژدەکاتەوە

یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی کاپتنی تیپەکەی مایکل ئەرتیتای ئیسپانی لە باوەش دەگرێتەوە تا لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵ دەستبەرداری ریزەکانی یانەکە نەبێت، چونکە ماوەی گرێبەستەکەی بە کۆتا دێت. لەمبارەیەوە رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی بڵاوی کردۆتەوە ئەو یاریزانە بۆ ماوەی ساڵێك بۆندەکەی لەگەڵ ئەرسناڵ درێژکردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ کارگێڕێکی تۆپ هاوێژەکان ئەو بۆندیان بەشێوەیەکی فەرمی بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاو نەکردۆتەوە. ئەرتیتا کاپتنی تیپەکەی شاری لەندەن لە هاوینی رابردوو کاتێ بەرگریکاری بەلژیکی یانەکە تۆماس فیرمیلین یانەکەی جێهێشت و رووی لە یانەی بەرشلۆنە کرد. پێویستە بوترێت ئەو یاریزانە ئیسپانیە لە ساڵی ٢٠١١ بەپێی گرێبەستێك بە بڕی ١٠ ملیۆن پاوەند لە یانەی ئیڤرتۆنەوە چووە یانەی ئەرسناڵ و توانی لەگەڵ ئەو یانەیە دوو نازناو بەدەست بێنێت لەوانە جامی یەکێتی ئینگلتەرا و جامی قەڵغانی خێرخوازی.



# مۆرینهۆ لەبازاڕی یاریزاناندا پلانی بەهێزی هەیە

دوای بەدەستهێنانی نازناوی وەرزی ئەمساڵی پریمەرلیگ جۆزی مۆرینهۆی پورتوگالی راهێنەری یانەی چێلسی دەستەوەستان ناوەستێت، بەڵکو هەر لە ئێستاوە هەوڵدەدات بۆ ئەوەی لەوەرزی گواستنەوەی هاوینە شانبەشانی دەستەی کارگێڕی یانەکەی لە پێناو پتەوکردنی زیاتری ریزەکانی تیپەکە بۆندی گرنگ و بەهێز بۆ یانەکە ئەنجام بدەن. رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ئاماژەی بەوە کردووە کە مۆرینهۆ دوای ئەوەی لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ توانی نازناوی خولی ئینگلیزی بۆ چێڵسی بەدەست بێنێت بەهێزەوە جووڵەی کرد بۆ ئەنجامدانی چەند گرێبەستێکی گرنگ و بەهێز. ئەمەو لە هاوینی ٢٠٠٥ گرێبەستی لەگەڵ هەریەك لە شۆن رایت فیلیپس و مایکل ئیسیانی گانی واژوو کرد کە دواتر بووە یەکێك لە یاریزانی سەردەمی ئاڵتوونی تیپە لەندەنییەکە، لەبەرامبەردا دەستبەرداری هەریەك لە ماتیا کیزمان و تیاگۆ و سکۆت بارکر بوو. بە هەمان شێوە لە وەرزی دواتر کە دەکاتە هاوینی ٢٠٠٦ چەند بۆندی لەگەڵ ژمارەیەك ئەستێرەی دیکە ئەنجامدا، لەوانە ئاشلی کۆل و سالمۆن کالۆ و مایکل بالاك و ئەستێرەی ئۆکراینی ئەندریا شیڤشینکۆ. ئەمەو لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە لە هاوینی ٢٠١٥ سپێشەڵ وەن بە هەمان پلان و بەرنامەی ئەوکات دەڕوات، بەڵام بۆ ئێستا پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر زیاتر هەیە، چونکە قەبارەی بۆندەکان زۆر بەرزن و پێویستی بە داهاتێکی زۆر هەیە، بەمەش یانەکە ناچار دەبێت دەرگای فرۆشتن بۆ بەشیك لە یاریزانەکانی بکاتەوە، لەوانە هەردوو یاریزانی بەڕازیلی ئۆسکار و فیلیپی لویس و گۆڵپارێزی بەتوانا پیتەر چیك، تا هاوسەنگی لە بودجەی یانەکە بەدی بێنێت بۆ میرکاتۆی داهاتوو. لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا رۆژنامەی دەیلی مەیل بڵاوی کردۆتەوە ئەگەری ئەنجامدانی ١٤ بۆند دەکرێت لە بەرنامەو هزری مۆرینهۆدا بێت، بەمەش بلوز پێویستی بە گوژمەیەکی گەورەی ٣٧٠ ملیۆن پاوەندی هەیە بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی ئەو یاریزانانەی مەبەستیەتی. گرنگترین یاریزانەکانیش گاریس بێل و رافائیل ڤاران لەیانەی ریال مەدرید و پول بۆگبا لەیانەی یۆڤانتۆس و جواو میراندا لە ئەتلەتیکۆ مەدرید و ئارون کریسویلی بەرگریکاری ویست هام و گۆڵپارێزی فولهام مارکۆس پیتیلی. هەروەها هەردوو یاریزانی شاختار لویز ئەدریانۆ و دۆگلاس کۆستا و جیانیلی ئیمبۆلا لەیانەی مارسیلیا لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانی دیکە .

# وادەی دەستپێکردنی خولی فوتساڵی کچان دیاریکرا



به مەبەستی دەستنیشانکردنی کاتی دەستپێکردنی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان لە ئاستی کچان یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان لە بارەگای خۆی لە شاری هەولێر لەگەڵ نوێنەری یانە بەشداربووەکانی خولەکە کۆبووەوە بە مەبەستی دیاریکردنی وادەی دەستپێکردنی خولی فوتساڵی یانە پلە نایابەکانی کوردستان کە ماوەیەکی زۆرە کچانی یانەکانی کوردستان لە چاوەڕوانی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانیەتییەن، لە کۆبوونەوەکەش بەرپرسانی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان تیشکی خستە سەر چالاکییە بەردەوامەکانی یەکێتییەکەیان و مەبەستی کۆبوونەوەیان لەگەڵ نوێنەری یانەکانی کوردستان تاوتوێ کرد، ئاماژەشیان بەوەدا کە هەردەم پاڵپشتی لە گرنگیدان بە یارییەکانی کچان دەکەن وەکو خولەکانی تریان، لەلایەن خۆشیانەوە نوێنەری یانەکانی کوردستان تاوتوێی بارودۆخی وەرزشی کوردستان و ئەو قەیرانە داراییەیان کرد. هەر چەندە یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری ئەوەی دابوو کە خولی ١١یاریزانی بۆ یانەکانی کوردستان بکاتەوە لە ئاستی کچاندا، بارودۆخی دارایی ڕێگر بووە لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییە، بەڵام خولی فوتساڵ هەر ئەنجام دەدرێت، دواتریش بەهۆی نزیك بوونەوەی وادەی تاقیکردنەوەی هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لەسەر داوای نوێنەری یانەکان بڕیاردرا بە دەستنیشان کردنی مانگی ٨ی داهاتوو بۆ بەڕێوەچوونی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان لە ئاستی کچان، هەر لە کۆبوونەوەکەشدا بڕیاردرا ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان، خولی فوتساڵ بە دوو کۆمەڵە بەڕێوە بچێت، لە هەر کۆمەڵەیەکدا پێنج یانە بەشدار دەبن، ئەوەش بە زۆرینەی دەنگی نوێنەری یانەکان پەسند کرا، لە کۆبوونەوەکەشدا چەندین سەرنج و تێبینی خرایەڕوو، یانەکانیش ئێستا لە ئامادەکاریدان بۆ ئەوەی بتوانن لە خولەکە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن.



# یانەی سێمێل تیپی تۆپی پێی هەڵوەشاندەوە

هەرچەندە ئەم وەرزە تیپی تۆپی پێی یانەی سێمێل لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان سەرەتا توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، بەڵام لە یارییەکانی دوایی نەیتوانی بەردەوامی بدات بە ئاستە باشەکەی و هەر بەم هۆیەشەوە هەلی بەدەستهێنانی بلیتی خولی نایابی کوردستانی لەدەستدا، جگە لەوەش یانەکە بڕی زیاتر لە ٣٠٠ملیۆن دینار قەرزارە، بۆیە دەستەی کارگێڕیی یانەکە بڕیاری دا بە هەڵوەشانەوەی تیپی تۆپی پێی یانەکە و کەمکردنەوەی بڕی ١٠٪ی گرێبەستی یاریزانان وەکو سزایەك بۆ یاریزانان کە نەیانتوانی تیپەکە سەربخەن، لەم بارەشەوە دژوار شەوکەت سەرۆکی یانەی وەرزشیی سێمێل بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکاری سەرنەکەوتنمان بۆ خولی نایاب زۆر بوون، بەڵام قەیرانی دارایی هۆکاری سەرەکی بوو کە کاریگەری لەسەر مەعنەوییاتی یاریزانان و یانەکەمان دروست کردبوو، خول تەواو بوو، دوای ئەوەش بۆچی ئێمە لە دوای خولیش هەر تیپەکە بەردەوام بکەین کە دەبێتە بارگرانی لەسەر ئێمە، دەبێت پارەشیان بۆ دابین بکەین، بۆیە هەڵوەشانەوە باشتر بوو لە بەردەوامبوون». لە بارەی بڕی ئەو قەرزانەی لەسەریان کۆبووەتەوە دژوار گوتی: «بڕی ٣٠٠ملیۆن دینار قەرزارین، نیوەی زیاتر قەرزی یاریزانان لەسەر ئێمەیە جێگە و جل و بەرگی وەرزش و کەل و پەل و مەسرووفات و پاداشتی یاریزانان و هاتوچۆی یاریزانان هی دوو ساڵە کە لەسەرمان کۆبووەتەوە». لە بارەی دانەوەی قەرزەکانیش گوتی: «بەڵێنمان وەرگرتووە لە پارێزگار و شێخ شاکر کە باری دارایی کوردستان باش بێت، هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی ئەم قەرزانە بدەینەوە». لەبارەی کەمکردنەوەی بڕی ١٠٪ی مووچەی یاریزانانیش کە وەکو سزایەك بووە بۆ یاریزانان ناوبراو گوتی: «بەڵێ گرێبەستمان کەم کردووە بەهۆی ئەو ئەنجامە خراپانەی کە لە دوو یاریی رابردووی پێش کۆتایی بەدەستمان هێناوە بۆیە ئەو بڕیارەمان دا چونکە یاریزانان لەم دوو یارییەدا هەستیان بە بەرپرسیارییەتی نەدەکرد.



# دهۆک بووە پاڵەوان

بە مەبەســـتی زیاتــر گرنگیدان بە یاری تێنســـی ســـەرزەوی کچان لە کوردســـتان و بەرەو پێشـــبردنی یارییەکە و ئامادەکاریـــی یانەکان بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو لە شـــاری دهۆك بـــە چاودێریی پارێزگاری دهۆك و بە سەرپەرشـــتیی یەکێتی تێنسی سەرزەوی دهۆك بە بەشداری هەریەك لە یانەکانی (پێشمەرگەی هەولێر، پێشـــکەوتن، هەولێر، کەرکوك، دهۆك، گارە، زێرەڤانی ســـەنحاریب) بۆ ماوەی دوو رۆژ پاڵەوانێتیی تێنسی ســـەرزەوی لە ئاســـتی کچان بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەکەشـــدا کچە یاریزانانی بەشداربووی یانەکانی کوردســـتان لە ئاستەکانی تەمەن کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە، دوای ئەنجامدانـــی چە ند یـــن یاری لە نێـــوان یاریزانان هـــەردوو یاریزانـــی یانەی دهۆك (ســـارە ئاڤدەل و رەند خەلیل) لە یانەی دهۆك گەیشتنە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە، لە یاریی کۆتاییشـــدا هەردوو کچە یاریزانان کێبڕکێیان دەکرد لەســـەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە ســـەرئەنجامیش ســـارە ئاڤدەل توانی ســـەرکەوتنێکی گرنگ بەدەســـت بهێنێت بەسەر کچە یاریزانی شـــارەکەی رەند خەلیل بـــە ئەنجامی(٢-١) کۆمەڵـــە، ئەنجامی کۆتایی تیپەکانیش بەم شـــێوەی خوارەوە بوو.

ئاستی تاك

١-سارە ئاڤدەل-دهۆك
٢-رەند خەلیل-دهۆك
٣-کەڤوك شەعبان-زێرەڤانی
٣- جینان ناسر-پێشمەرگەی هەولێر-دووبارە

ئەنجامی تیپ

١-یانەی دهۆك
٢-یانەی پێشمەرگەی هەولێر
٣-زێرەڤانی
٣-هەولێر —دووبارە